# فرة حيزبى، هؤكار يان بةرةنجام؟

**سالار رەشید**
*salarrasheed@yahoo.com*

ئەمریکا بۆ ڕازیکردنی ڕای گشتی خەڵکی وڵاتەکەی ئەڵێ هێرشی من بۆسەر عێراق بۆ خاتری ئێوە و بۆ پاراستنی ئاسایشی زیندەگی ئێوەیە لە تیرۆر و لە پیلانی حکومەتی دیکتاتۆری سەدام حسێن، وە بە خەڵکی عێراقیشی ئەگوت بۆ ئەوە هاتووم تاوەکوو لە دەستی دڕندەیەکی وەك بەعس ڕزگارتان کەم و دیموکراتییەت لە وڵاتەکەتاندا سەقامگیر کەم! هەرچی ئەحزابی کۆنەپەرستی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش بوو بە ناسیونالیزمی کورد و عەرەب و ڕەوتە ئیسلامییەکانەوە بووبوونە زوڕناژەنی ئەمریکا و ئەم جۆرە پڕوپاگەندانەیان بەناو خەڵکی بەشمەینەتی عێراقدا بڵاو ئەکردەوە، چونکە بۆ ئەوان کە خەویان بەدەسەڵاتەوە ئەبینی باشترین فرسەت و سەردەمی زێڕینیان بوو. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە هەروەکوو ئەمریکا پێیانی وتبوو کە ئەوان بۆ ئەمریکا شتێك نین، ئێوەش نەبن من کاری خۆم ئەتوانم ئەنجام دەم! یانی کەمترین کارێك کە بەوان ئەبڕێت، پروپاگەندەکردن و سپیکردنی ڕووی ئەمریکایە.

ئەمریکا حکومەتی فاشیستی بەعسی ڕوخاند. لە هەڵیتوپەڵیتی ئەو حیزبانەش حکومەتێکی قوت کردەوە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بەشمەینەتی عێراقیش لە گێژاوی هەژاری و نەداری و فەلاکەت، لە گێژاوی نەبوونی ئەمن و ئاساییشدا ئەناڵێنن! پێیان دەڵێن بۆ خواستەکانی ئێوە هێشتا زووە! ئەم حکومەتە تازە هاتۆتە سەرکار، هەروەکوو چۆن دوانزە ساڵ خەڵکی کوردستان بە (حکومەتی ساوای کوردستان) بەدەمەوەگیرا! دێوەزمەی ڕەشی حکومەتی پێشوویان ئەهێننەوە پێش چاو...پێیان دەڵێن بێکاری و بێنانی باشترە لە دیکتاتۆریەت! سەرەتا ئەیان گووت ڕۆشن نییە هەتا کەی ئەمریکا لە عێراق ئەمێنێتەوە، ئەمە کراوەیە..دواتر کردیان بە پێنج ساڵ و لەگەڵ ناڕەزایەتی خەڵکی، ساڵەکان کەم ئەکەنەوە!

بە مانگرتنی شکۆداری ڕێکخراوی بێکارانیان وت: ئەگەر وەڵام بە خواستەکانتان بدەینەوە، ئەوا ئەبنە بەشێك لە دەسەڵات!! سیاسەتی چەندین ساڵەی ئەمریکا لە عێراق هەروابووە.. هەمیشە ترسی لە دەخاڵەتی خەڵك هەبووە، هەموو هەوڵێکی، تەریکخستنەوەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکە. لەم کاتەشدا ئەنجومەنی حوکمی عێراقی بە خەڵکی دەڵێن شوکر بن، بزانن لە ژێر سایەی ئەمریکا بەم دەسکەوتە گەیشتوون کە مان ئەگرن و خۆپیشاندان بەڕێ ئەخەن، بارەگا و ڕۆژنامە هەیە، دژ بە ئەمریکا و حیزبەکان و ئەنجومەنی حوکم قسە ئەکەن....ئەیانەوێ وا لە خەڵکی بگەیەنن کە ئەمریکا ئەمانەی بە دیاری بۆ هێناوون، لە کاتێکدا کە حکومەتی ئەمریکا ئەم مەسەلانە بە خاڵی لاوازی نەخشەکەی دائەنێت، یانی کاتێك ئەمریکا بە خۆیدا ئەچێتەوە، ئەم مەسەلانە وەك دەرئەنجامێکی سەلبی لە پلانەکەیدا تۆمار ئەکات. بێگومان بۆ چارەسەرکردنی ئەمانە کە لە بەرژەوەندی ئەمریکا نییە و لە بەرژەوەندی خەڵکە، ئەو هەمیشە لە فکری چارەسەر و دانانی نەخشەکارە.

ئەوەی بەلای ئەمریکاوە گرنگ نەبێت بەرژەوندی خەڵك و ئازادی کۆمەڵگایە، ئەگەر شتێکیش بە دەست بێت، ئەوە کاری هەوڵ و تێکۆشانی خەڵك خۆیەتی .

ئەمریکا و بەرەی کۆنەپەرستی ئەحزابی عێراقی، کۆمەڵگای عێراق لەسەر بنچینەی قەوم و تایفە و دین و مەزهەب تویێتویٚ ئەکەنەوە، وە لەسەر هەمان بنەما حکومەتێکیان لیٚ پێکهێنان و وەك نموونەی دیموکراتی ئەیخەنە بەردەم خەڵکی، گوایە دیموکراتی یانی حکومەتی فرە حیزبی!!

زۆرجار و لە زۆر جێگا فرە حیزبی و دیموکراتی(وەیان ئازادی، کە گوزارشتێکی وردترە) وەك هاوتای یەك لێك ئەدرێتەوە، گوایە ئەگەر حکومەتی تاك حیزبی دیکتاتۆریەت بێت، ئەوا پێچەوانەکەی یانی حکومەتی فرەحیزبی دیموکراتییەتە، ئیتر قسەیەك لەسەر مەسائیلی ئازادی کۆمەڵانی خەڵك نییە. فرەحیزبی بەم مانایە، هەروەك ئەو فرەحیزبییەی لیٚ دێتەوە کە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆ دانووسان لەگەڵ حکومەتی بەعس پێشنیاریان ئەکرد، یانی داوایان لە حکومەتی بەعس ئەوەبوو کە فرەحیزبی قبوڵ بکات، وە ئەمەشیان بە ئاڵوگۆڕێك ئەدایە قەڵەم.. ئاڵوگۆڕ لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتییەت، ئەمەش یانی ئەگەر بەشێکیان بەرکەوت و لە سوچێکا وەزارەتێکیان پیٚ بڕا، ئیتر ئەوە پێوەرە بۆ دیموکراسی. دیارە ئەمانە لەوێوە ئەم ئەنجامگیرییە ئەکەن، گوایە ئەمان نوێنەری خەڵکن، وە ئیتر نوێنەری خەڵك بەشدارە لە دەسەڵات!

بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر مەسائیلی ئازادی لە جۆری ئازادی بیٚ قەیدوشەرتی سیاسی، ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراوە، یەکسانی تەواوی نێوان ژنان و پیاوان، ئازادی ئینسانەکان کە هەر ئایینێکیان هەبیٚ وەیان هیچ،.....هتد نەکرایە بنکاری دەستوری وڵات، ئەوا ئازادی لەو وڵاتەدا نامۆیە، جا ئیتر یەك حیزب ئەو ئازادییەی زەوت کردبێت وەیان گەلە حیزبێك. ڕاستە تاك حیزبی لەهەر وڵاتێکدا یانی نەبوونی ئازادی و دیموکراتی، بەڵام فرەحیزبیش خۆبەخۆ، مانای ئازادی و دیموکراتی ناگەیەنیٚ، چونکە فرە حیزبی بەرەنجامە نەك هۆکار.

17. 09. 03